# (( گەمە سیاسیەکانی ئەمەریکا لە ئێراق و ناوچەکەدا ))

## حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

ئەگەر تەماشای مێژووی ئەمەریکا بکەین لە رووی سیاسەتی دەرەکیەوە هەر لەچارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە پشت بە پرنسیپی (مۆنرۆ *)دەبەستێت تاکو نیسانی ساڵی 1917 ز بە بەشداری کردنی ئەو وولاتە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ، کە ئەو پرنسیپە بریتیە لە سیاسەتی گۆشەگیری و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری وولاتان (بەتایبەت لەو سەردەمەدا دەست تێوەرنەدان لە کارو باری ناوخۆی وولاتانی کیشوەری ئەورووپا ) ، هەر لەو سەروەختەوە تاکو ئەمرۆ دەبینین چەندین هەڵکشان و داکشان و ئەمدیو ئەو دیو لەو سیاسەتەدا بەزەقی بەدیار دەکەوێت هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەو هەڵکشان و داکشانە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ گوشار و فاکتەرە ناوخۆی و دەرەکیەکان کە بەڕاشکاوی ئاراستە و پنت لە سەر رێڕەوی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وولاتە دادەنێن ، لێرەدا نامەوێ بگەڕێمەوە سەر ئەو سەردەم و قۆناغە مێژوویانەی کە لەو ساتە وەختەوە ئەمەریکا لە رووی سیاسەتی دەرەوە پەیڕەوی کردوە بەڵام ئەشێ خوێندنەوەی ئەو مێژوویە ئەومان بۆ دیار و ئاشکرا بکات کە هەر کاتێك سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە پارتی کۆماری بوونە ئەو وولاتە لە سیاسەتی دەرەکیدا ئەکتیف و چالاك بووە سەرباری ئەوەی کە لە هەردوو جەنگە جیهانیەکەدا ( جەنگی یەکەمی جیهانی 1914-1918 و جەنگی دووەمی جیهانی 1939-1945 ) سەرۆکی ئەو وولاتە لە پارتی دیموکراتی بووە و ئەمەریکا وەك دیفاکتۆیەك بە ناچاریەوە بەشداری جەنگەکانی کردووە .

داگیرکردنی ڤێتنام لەلایەن ئەمەریکاوە بەهۆی سەرنەکەوتنی لەو داگیرکاریەدا لە ساڵی 1973 یاسای دەسەڵاتی شەڕ لە کۆنگریسی ئەمریکی دەرچوو کە بەشێکی سیاسەتی دەرەکی بۆ کۆنگریس پاوەن و قۆرخ کرد و دەسەڵاتی سەرۆکی ئەمەریکا لەو بوارەدا بەرتەسك و سنوردار کرد ، دوای بڕانەوەی جەنگی سارد و هەڵوەشانەوەی دوو جەمسەری و دروست بوونی تاك جەمسەری ئەمەریکا وەکو زلهێزترین وولاتی دونیا لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی نێودەوڵەتیدا بەشی شێری بەرکەوت لەمەڕ بڕیارە چارەنوسسازە نێو دەوڵەتیەکان و باڵا دەستی خۆی لە تەواوی پێشهات و پەرەسەندنە سیاسیەکاندا نمایش کرد ، لەهەمبەر جیوسیاسیەوە کاتێك بلۆکی سۆشیالیستی لە ئاویلکەو گیانەڵادا بوو ئەمەریکا زیاتر پەرەی بە سیاسەتی دەرەکی خۆیدا و لە رۆژهەڵاتدا کەوتە وێزەی ئەو دەسەڵات و وولاتانەی کە حوکمی ئیستبدادی و دیکتاتوری پەیڕەو دەکەن هەرچەندە ئەمە لە سوسەی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی خۆی بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلانی چەوساوە تێیدا ئاسودە و سودمەند بوونە ، لە رووی لۆجیکیەوە سەدی رابردوو بەسەدەی جەنگی سارد ناوزەد کرا و تەنانەت بیریاران و چاودێرانی سیاسی ئەم سەدەیەیان " سەدەی بیست و یەك " بە سەدەی چەسپاندنی دیموکراتیەت ناوزەد کرد هەرچەندە لە ناوبردنی دیکتاتۆر و تەفر وتونا کردنی دارو دەستەکەی و هەڵوەشاندنەوەی رژێمەکەی ئەو مانا و مەدلولە بەرجەستە ناکات کە ئیتر دیموکراتیەت وەکو ئەلتەرناتیفێك خۆڕسکانە و بە شێوەیەکی سروشتی جێگای دەسەڵاتی تاکڕەوی وحوکمی فەرەفوشیانە بگرێتەوە بەڵکو دەبێت پایە و رەیکزەکانی دیموکراتیەت لە ناو هەناوی کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا جێگیر بکرێت مافی هاونیشتمانی بوون بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا برخسێت و لە رووی کەلچەری و سۆسیۆلۆژیەوە کار لە دەروونی کۆمەڵگا بکرێت و خەڵکی بە تەواوی هاوبەشی و بەشداری کایە و بڕیارە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگیەکانی وولات بکەن کە ئەمەش کات و سەقفێکی زەمەنی دەوێت بۆ لە قۆزاخە دەرچوون و کامڵ بوون .

وا بۆ دوو دەهە دەچێت ئەمەریکا بە شێوەیەکی فەرمی و راستەوخۆ گەمە سیاسیەکانی خۆی بە شێوەی کردەنی و پراکتیکی لە گۆڕەپانی ئێراق و ناوچەکەدا ئەنجام دەدات تەنانەت پاس بە ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکانیش نادات و کۆمەڵێك دەسکەوتی قەبە و مەزنی بۆ گەلانی ئێراق و بگرە بۆ ناوچەکەش تۆمار کردووە کە بەدیهێنانی تەنها لە توانا و وزەی وولاتێکی وەکو ئەمەریکادا بووە ئەگینا بۆ خەڵکی ئێراق وەك خەو وخەیاڵ وایە ، هەرچەندە گەلانی ئێراق درێغیان نەکرد لە بەربەرەکانی و دژایەتی کردنی ئەو رژێمە چەپەڵ و نەگریسەدا هەر لەو پێناوەشدا کۆمەڵێك قوربانی بێشومایان پێشکەش کرد .

بەگوێرەی تێڕوانینی چاودێرانی سیاسی و بانگەشەی راگەیاندنەکان و تێفکرینی خودی سەرۆکی ئەمەریکا ساڵی 2007 بە ساڵی گۆڕانکاری لەهەمبەر سیاسەتی ئەمەریکا لەئێراقدا چاوەڕوان دەکرێت کەوەکو دیفاکتۆیەك ئەو گۆڕانکایانە خۆی فەرز کردووە کە چەندین فاکتەر و هۆکار بوونە دەنەدان و رەنگ ڕشتنی ئەو ئاڵو وگۆڕ و گۆڕانکاریە چاوەڕوانکراوە ، ئێستا لە دەسپێکی ئەو میتۆدە نوێیەداین ، گۆڕانکاری بە مەرام و نیەتی باشترکردنی رەوشی سیاسی و سەربازی و ئاسایش و ئابوری و رۆشنبیری و ... هتد ، ئەوە ئەرك و وەزیفەی هەموو لایەن و ئیرادەیەکی خێرە پێویستە هەموو پێنگافی بۆ بهاوێژین بەتایبەت ئەمەریکا کە بەرپرسی یەکەمە لە ناوچەکەدا.

تێکدانی ئەو سیستەم و نەخشە سیاسیەی کە لە ئێستادا دەقی گرتووە لە کایەکانی دەسەڵات و فەرمانڕەوای ئێراقدا کەوەك لە دەستوری هەمیشەی ئیراقی فیدراڵدا هاتووە لەمەڕ ماف و ئازادیەکانی نەتەوەکان زیاتر گۆمەکە دەشەڵقێنێ و فوو لە ئاگری شەڕی ناوخۆی ئێراق دەکات باشتر وایە ئەمەریکا زۆر بە وریایی و ووردیەوە مامەڵە و هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو گۆڕانکایەدا بکات کە مەبەستێتی لە ئێراق و ناوچەکەدا ئەنجامی بدات هەرچەندە ئەوەی کورد بەدەستی هێناوە لەم دۆخ و رەوشە سیاسیەدا هەرگیز پارسەنگ و بارتەقای کۆشش و قوربانیدانەکانی نییە ، هاوکات سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبێت هەل و دەرفەتە زێڕین و لەبارەکان بەهەدەر نەدەن چونکە وەکو لە پێشدا ووتمان سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا نەگۆڕنیە و دەشێ هەڵکشان و داکشانەکان بەردەوام بن وەك بینیومان.

---

⋆ جمس مۆنرۆ لەساڵی 1823 ز ئەو کاتە سەرۆکی ئەمەریکا بوو ئەو پرنسیپە دەرچوو هەر بەو ناوە ناسراوە .